# بەڵێ دەرۆزەش هونەرە..!!

**فەخرەددین تاهیر**

ئەوەی راستی بێ دەمێک بوو نیازم وابوو کە نووسینێک دەربارەی دەرۆزە لە روسیا بنووسم ، بەڵام موخابن کردمە کەمتەرخەمی و نووسینەکەم نەنووسینی ، خوا ماڵی کاک سامی ئەرگۆشی رۆژنامەنووس ئاوا بکا ، لە رۆژی دووشەممەی رێکەوتی ١٣ی ئەیلوولی ئەم مانگە لە رۆژنامەی ‹ خەبات ›ی ژمارە ‹ ١٥٥٩ › دا ستوونێکی لە دوا لاپەڕەدا لە ژێر نێوی ‹ دەرۆزەش هونەرە › بڵاوکردۆتەوە . لەوانەیە ئەم نووسینە بۆ من و هەزاران کەسی وەک منی ئەورووپانیشین تازە نەبێت ، چونکە رۆژانە لەسەر شۆستەی شەقام و لە نێو وێستگەی میترۆکانی ئەورووپا و روسیا بە گشتی و شاری ستۆکهۆڵمی سوید بە تایبەتی ، ئەم دیاردەیە خەڵکی ئەورووپانیشین دەیبینین. بە هەرحاڵ دەستخۆشی لە برای رۆژنامەنووس کاک سامی ئەرگۆشی دەکەم ، لەو باوەڕەدام کە مرۆڤێکی هەستیارە و کە دیاردەیێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە ئەورووپا سەرنجی ڕاکێشەوە کە ئەم نووسینە بنووسێت.

ئەوەی شایانی باس بێت لە ئەورووپا ‹ دەرۆزە کردن › زۆر شێوازی خۆی هەیە و دیاردەکەش دیاردەیێکی زۆر تازە نییە، سەرەڕای گوزەرانی خەڵکی ئەورووپا لە چاو خەڵکی روسیای ئەمرۆ دا زۆر جیاوازی هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەرۆزەکەری ئەورووپایی دەرۆزەکردنیشیان بە گوێرەی ژیانی خەڵکی ئەورووپایە ، بەڵام لە روسیای دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتی جاران ، شیرازەی ژیانی خەڵکی روسیای ئەمرۆ لە زۆر ڕووەوە تێکچووە ، هەر بۆیە هەندێک جار یان بەڵکو دەتوانم بڵێم هەنوکە بەبەردەوامی خەڵکی هەژار و دەستکورتی روسیا لە پێناوی پەیدا کردنی نانی رۆژانەیان پەنا بۆ زۆر شتی سەیر و سەمەرە ببەن. بێگومان پێتان وانەبێت هەموو خەڵکی روسیا لە برسان دەمرن ، نەخێر دەوڵەمەندی ئەوتۆی تێدا دروست بووە خەیاڵ رێگا بە خۆی نادات کە بیربکاتەوە ، چۆن و بەچ شێوەیەک دەوڵەمەند بوون، پێموایە مەتەڵێکە ئەگەر هەر دەوڵەمەندەکانی روسیای ئەمرۆ ئەم مەتەڵە هەڵبێنن ..!

ئەوەی شیاوی گوتنە لە نێوان ساڵانی ‹٢٠٠١ -٢٠٠٣› دا لە روسیا بووم ، رۆژانە ئەوکاتانەی کاتم بۆ دەرخسا بە نێو شەقامەکانی شاری سانکت پیترسبوورگ پیاسم دەکرد، یەکێک لە دیاردە هەرە سەیر و سەمەرەکانی سەدەی بیست و یەکەمم لە روسیا بینی ئەوەبوو :

رۆژێک لە رۆژان لە( وئێستگەی میترۆی گەستینیدڤۆر ) کە دەکەوێتە سەنتەری شار دەبەزیم ، هەر کە لە میترۆ دەرکەوتم هەردوو چاوەکانم لەسەر باڵای شۆخە ژنێکی گەنجی تا خوا حەز بکات جوان ڕووا و هێدی هێدی لە ژنە روسەکە نزیک کەوتمەوە ، بەر لەوەی بیدوێنم کامیرای فۆتۆی سەر شانم دابەزاند بە نیاز بووم چەند وێنەیەکی لە دوور و نزیک بگرم ، بە دەنگێکی تووڕە لێیخوڕیم : ‹ ڕاوەستا قەبوڵ ناکەم وێنەی خۆم و هاورێ یەکانم بگریت ..!! ›.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به هەرحاڵ لێی نزیک بوومەوە و بە قسەی خۆش ڕوو بە ڕووی هەندێک پرسیارم کردەوە ، لە وەڵامدا ، وتی : ( ئێمە برسیمانە ، من و هاورێ یەکانم بە شێوەیە بۆ نانی ئەمڕۆ پارە پەیدا دەکەین و خوا کەریمە بۆ سبەی . بە زەردەخەنەیەکەوە پێیگوتم دەفەرموو تۆش تۆزێک هاریکارییێکمان بکە ، بەڵام تکایە بەبێ ئەوەی وێنەی خۆم وهاورێ یەکانم بگریت ).
منیش بە نابەدڵی ڕەزامەندیم نیشان داو هەندێک ڕۆبڵم بۆ خستە نێو قووتیەکەی بەردەمیان و بەجێمهێشتن .
هەڵبەتە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو لە نێو شاری سانکت پیترسبوورگ دەسوڕامەوە ، بۆ ئەوەی دەرفەتێک ڕێکبەکەوێت چەند وێنەیەکی ئەم دیاردە تازەیە لە روسیا بگرم ، خوا و ڕاستان لە هەمان شوێن کە پێشتر ئاماژەم پێدا، تووشی هەمان دیاردە بوومەوە بەڵام ئەمجارەیان کیژێکی هەرزەکاری تەمەن چواردە ساڵان بوو و بە هەمان شێوە دەرۆزەیەی دەکرد و لێی نزیک بوومەوە و داوام لێکرد ئەگەر ڕێگام پێبدات وێنەیەکی خۆی و هاورێ یەکانی بگرم ، بە نابەدڵی سەری بۆ لەقاندم ، منیش وێنەیەکم گرتوو و هەندێک پارەم خستە نێو قووتیەکەی لەبەر دەمی خۆی و هاورێ یەکانی دانابوو .
لە دوماهیدا بە کاک سامی ئەرگۆشی بەڕێز و خوێنەرانی ڕۆژنامەی ‹ خەبات ›ی بەڕێزش دەڵێم : خەڵکی روس لە هەموو شتێکدا داهێنەرن ، نەک مرۆڤەکانیان بە هونەر دەرۆزە دەکەن و بەس ، ئەوەتا ئاژەڵیش وەک : ‹ سەگ و پشیلە› شیان فێری هونەری دەرۆزە کردووە . بۆیە ماوە بیژم : بەڵێ دەرۆزەش هونەرە ....!!

**ستۆکهۆلم ١٧-٩-٢٠٠٤**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com